Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10406

# نیشانەکردنی فۆنۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا

**عەبدولجەبار مستەفا مەعروف [١]، هێمن سەڵاحەدین رەمەزان [٢]**

١- بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی ، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان ، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

توێژینەوەکە بە ناویشانی (پرۆسەی نیشانەکردن لە فۆنیمە ناکەرتییەکاندا)یە، هەوڵێکە بۆ نواندنی پرۆسەی نیشانەکردن لە زمانی کوردیدا، بە جۆرێك توێژینەوەکە لە فەرهەنگەوە بۆ رێزمان دەستپێدەکات، گریمانەی پێکهاتەبوونی فەرهەنگیش بەشێکە توێژینەوەکە، کە مۆرفیمەکانی رەگ و گیرەکەکان بە توخمی فەرهەنگی دانراون و لێکسێمە سادەکان بە توخمی مۆرفۆلۆژیی. تێیدا پرۆسەی نیشانەکردن لە ئاستی فۆنیمە ناکەرتییەکاندا لە لێکسێمە یەك-مۆرفیمییەکان و دواتر لە وشەی مۆرفۆلۆژیی و پاشانیش لە پرۆسەی ئازادانەی سینتاکسییدا تاقیکراونەتەوە. واتا پرۆسەی نیشانەکردن لە لێکسێمە یەك-مۆرفیمییەکانی فەرهەنگ و وشە سادە مۆرفۆلۆژییەکان و وشە فەرهەنگییەکان لەسینتاکسدا تاقیکراونەتەوە. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بە جۆرێك بەشی یەکەمی توێژینەوەکە لایەنە تیۆرییەکانی گرتوەتەخۆ، کە باس لە پێکهاتەی فەرهەنگ و رێزمان و چەمکی نیشانەکردن و جۆرەکانی نیشانەکردن کراوە، دواتر لە بەشی دوهەمدا پرۆسەی نیشانەکردن لە فەرهەنگ و رێزمان تاقیکراوەتەوە و گۆرانە واتایی و فۆرمییەکان دەستنیشانکراون، بۆ ئەو مەبەستەش نموونە و داتاکان لە رێزماندا تاقیکراونەتەوە. توێژینەوەکە رێبازی پەسنی شیکاری پەیرەوکردووە، بە پشتبەستن بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست لە ئاخاوتنی رۆژانەی ئاخێوەرانی دیالێکتەکە.

***Article Info***

Received: August, 2023

Revised: August, 2023

Accepted:September, 2023

***Keywords***

نیشانەکردن، لێکسێم، هێز ، زرنگە

***Corresponding Author***

abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

hemin.salahaldin@garmian.edu.krd

## پێشەکی:

### 1/1) پێکهاتەی فەرهەنگ Lexical Component of Language

زمان پێرەوێکی چڕ و ئاڵۆزە و لە کۆمەڵێك کەرەستە و رێسا و یاسا پێکهاتووە، کە بۆ پەیوەندی کردنە. ئەم پێرەوە پێی دەوترێت زمان. زمان~ئەم پێرەوە لە چەند بوارێکدا لێیدەکۆڵرێتەوە[i]. بە هۆی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان و بە پێی ئەو رێسا و یاسایانە ئاخاوتنەکان دروستدەبن، مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا ئەو زانیاریانە بەکاردەهێنێت. ئەو زانیارییانەش بۆ ئاخێوەری زمانێك ئاشنا و ناسراوە، بۆیە تێگەیشتنیش ئاسان دێتەئاراوە. بەم پێیە، دەبێت دەزگایەك بۆ ئەو کەرەستە و زانیارییانە هەبێت، ئەو دەزگایەش بە پێی بوارە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوە لە دیاردەی زمان جیاوازە. ئەم توێژینەوەیە پشت بە بنەمای فەرهەنگی ئاوەزیی دەبەستێت. زاراوەی فەرهەنگیی ئاوەزیی یەکەمجار لە لایەن (Old Feild)ەوە لە ساڵی 1966 خراوەتەروو، کە هەر لەو کاتەوە بابەتەکە بووە جێی سەرنج و تێڕامانی زمانەوانان و شارەزایانی بواری مێشك و ئەوانەی لە پەیوەندیی نێوان زمان و ئاوەز و پزیشکانی نەخۆشییەکانی گوتن، کە هەر لایەنە و بەپێی ئامانج و بواری خۆی لە ئاوەز و پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەزیان کۆڵیوەتەوە"[ii]، بۆ نموونە پەیوەست بە زانستی زمان و لە زمانەوانی دەروونیدا گرنگی بە فەرهەنگی ئاوەزیی تاك دەدرێت، بەڵام لە زمانەوانی بەرهەمهێناندا فەرهەنگە ئاوەزییە گشتییەکە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت. ئەم توێژینەیەش فەرهەنگی ئاوەزییە گشتییەکەی زمانی کوردی لە روانگەی پێواژۆی نیشانەکردنەوە دەخاتە بەر توێژینەوە، نەك فەرهەنگی تاك،

ئەگەرچی بە پێی پێویست و لە هەندێك شوێندا ئاماژە و لێکۆڵینەوە لەو فەرهەنگە/فەرهەنگی تاکیش دەکرێت.

فەرهەنگ بناغەیەکی گرنگی پێڕەوی زمانە. لە رووی جۆرێتییەوە بە گشتی دوو جۆر فەرهەنگ هەن، کە فەرهەنگی ئاوەزی و فەرهەنگی نووسراوە، فەرهەنگە نووسراوەکەش لەسەر بنەمای فەرهەنگی ئاوەزی لە فەرهەنگنووسیدا لێیدەکۆڵرێتەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگی ئاوەزیش چەندین تیۆر هەن[iii]. فەرهەنگی ئاوەزی فەرهەنگەکەی ناو مێشکی مرۆڤە و دەروازەی کۆزانیاریی زمانی مرۆڤە، کە زانیاریە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی و واتاییەکانی تێدا هەڵگیراوە، کە ئەوانیش کەرەستەکانن بە نیشانەکانیانەوە[iv]، کە مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا کەرەستەکان بەو زانیارییانەوە بەکاردەهێنێت، بەواتا کەرەستەکان لە خۆیاندا زانیارییەکانیان هەڵگرتووە.

فەرهەنگ تەنیا کەرەستە فەرهەنگییەکان تایبەتێتییە~زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی و واتاییەکانیش ناگرێتەوە، بەڵکو جگە لە کەرەستەکان، یاساکانی وشەدروستکردن و یاساکانی دروستەی وەچەپێکهاتەش دەگرێتەوە. ئەو زانیارییانەی لە کەرەستەکانی فەرهەنگدا هەن، بریتیین لە نیشانە واتاییەکان~سیمانتیکییەکان. بەم پێیە هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگی خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی واتاییە، کە نیشانەکان بریتیین لە دەروازەی زانیاریی وشەکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، وشەکان/لێکسیمەکان نواندنێکی فەرهەنگییان هەیە، کە دانە فەرهەنگییەکان بە زانیارییە سینتاکسی و واتاییەکانەوە هەڵگیراون، بە جۆرێك لە رووی سینتاکسەوە گۆکردن~ئەرك و جێکەوتە سینتاکسییەکانیان دیاریکراوە، واتە هەر دانەیەکی فەرهەنگی پەیوەست بە جێکەوتەکانیانەوە لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا نیشانەکراون، بەڵام بەکارهێنان و جێکەوتەی توخمە پیکهێنەرەکانی کەرەستەیەکی فەرهەنگی، واتای ئەوە نییە، بەکارهێنانی کەرەستە فەرهەنگییەکە لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا بە تەواوی دروستە واتاییەکەیەتی. ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات، زۆرینە توخمە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیی زانیاریی گشتییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە و فرە-زانیاریین، یان زانیارییەکانیان نیشانەنەکراون و لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا نیشانەدەکرێن. بەم پێیە بەکارهێنانی کەرەستە فەرهەنگییەکان خۆی لە خۆیدا نیشانەکردنە، بەواتا بەکارهێنانی کەرەستە فەرهەنگییەکان لە مرۆڤۆلۆژیی و سینتاکسدا هەم نواندنی زانیارییە[v] و هەم نیشانەکردنە، کەواتا بە گریمانەی ئەوەی توخمە فەرهەنگییەکان نواندنی فەرهەنگیی و سینتاکسییان هەیە و بەپێی خستنەڕووەکەی سەرەوە، دەشێت توخمێکی فەرهەنگیی ئەو نواندنەی لە فەرهەنگدا هەیەتی، گشتییە و نواندنە سینتاکسییەکەش (سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی) تایبەتییە، بەم پێیە دەشێت کەرەستەیەکی فەرهەنگی هەڵگری کۆمەڵێك نیشانەی واتایی بێت، بەڵام لە بەکارهێناندا بەشێك لەو سیمایانە بنوێنرێت، ئەمەش لە زانستی زماندا پێی دەگوترێت نیشانەکردن~ marked و لە چێوەی تیۆری نیشانەکردندا لێی دەکۆڵرێتەوە (بڕوانە نیشانەکردن).

(فەرهەنگ لە زۆرینەی تیۆرە زمانییەکاندا بە سەرەکیترین پێکهاتە دانراوە)[vi]. لەگەڵ رێزماندا(بڕوانە: (2/1) دوو پێکهاتەی بنەڕەت و سەرەکیین، کە پێیان تێگەیشتن دێتەئاراوە، فەرهەنگ خۆی (بە گشتی سێ بابەت لە خۆدەگرێت، وەك وشە تۆمارکراوەکان word stores، دەروازەی فەرهەنگیی lexical enter و بەشکردن partitioning. مەبەست لە وشە تۆمارکراوەکان ئەو وشانەن، کە لە مێشکی قسەکەردا گەنجکراون (فەرهەنگی ئاوەزیی و فەرهەنگی بە پرۆگرامکراوی ناو کۆمپیوتەر و وشەنامەی نووسراویش دەگرێتەوە)، دەروازەی زانیاریش زانیارییە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتاییەکانی دانە فەرهەنگییەکان لە خۆدەگرێت، هەرچی بەشکردنیشە، لە دەروازەی فەرهەنگییدا بریتییە لە هەندێ حاڵەتی بەرهەمهێنانی زمان، کە لێما و فۆڕم بەشدەکرێن، وەك دیاردەی زمانگرتن)[vii]، سەرەڕای ئەم ئەمە، فەرهەنگ بە توخمەکان و دەروازەی زانیاریی دانراوە، بۆیە زمانەوانێکی وەکو (محەمەدی مەحویی) دەڵێت: (فەرهەنگ بریتییە لە دەروازەی زانیارییەکانی، نیشانە فۆنۆلۆژیی و سیمانتیکی و سینتاکسییەکان دەگرێتەوە)[viii]. فەرهەنگی ئاوەزیی پەیوەستە بە سیمانتیك و لایەنی واتایی/نیشانە واتاییەکانی توخمە فەرهەنگییەکان دەنوێنێت، یان توخمە فەرهەنگییەکان و دەروازی زانیارییەکانیان دەگرێتەوە. وشەکانی/لێکسیمەکان لە چەشنی سادە و ناسادەن، ناسادەکان بۆ دروستکردنی واتای نوێ و بۆ نیشانەکردنە (بڕوانە: بەشی دووهەم)، هەرچەندە وشە/لێکسیمە نیشانەکراوەکانیش هەمان واتای وشە سادەکانیان نییە، ئەمەش گریمانەی توێژینەوەکە پتەوتر دەکات، کە دەشێت لێکسیمەکان/لێکسیمە سادەکان نیشانەنەکراو بن و هەڵگری زانیاریی گشتی بن، مۆرفۆلۆژیی (و سینتاکس) بۆ نیشانەکردنن. بۆ نموونە وشەی (کار~بێچووی بزن) ئەگەرچی لە خودی خۆیدا نیشانەکراوە بەوەی کە هەڵگری سیمای [-گەورە/+بچووك]ە، بەڵام لە وشەی (کاریلە)دا پاشگری هەڵگوێزەری /-یلە/ نیشانەی [+بچووکتر]ی داوە بە وشەکە. بەوەش دەردەکەوێت، کە (کاریلە) کارێکی بچووکە و جیاوازە لە (کار). نیشانەکردن تەنیا بە مۆرفۆلۆژیی نییە و لە سینتاکسیشدا هەیە، نیشانەکردن خۆی لە بنچینەدا تیۆرێکە

بۆ فۆنیمەکانی زمان و دواتر لەلایەن زمانەوانانەوە گەشەی زیاتری پێدرا (بڕوانە: 3/1).

## 2/1 پێکهاتەی ڕێزمان

زانستی زمان زانستێکە وەکو هەر زانستێکی دیکەی سروشتی و مرۆیی. هەر زانستێك کۆمەڵێك چەمك و زاراوە و لە خۆدەگرێت، ئەم زانستەش وەکو زانستەکانی دیکەی وەکو فیزیا و میوزیك و دەروونناسی و بۆماوەزانی و زانستەکانی دیکە خاوەنی ئەو تایبەتمەنییەیە[ix].

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، زمان پێڕەوێکی چڕ و ئاڵۆزە، کە لایەنە زمانییەکانی وشە(پێڕەوی هێما) و دەنگەکان (پێڕوی دەنگەکان) و دروستەی قووڵ دروستەی ڕووکەش و ... هتد پێکهاتووە[x]، کە ئەو لایەنانە بە چڕی چوونەتە ناو یەکەوە و پەیوەندییان پێکەوە هەیە[xi]، بۆیە ئەو چڕ و ئاڵۆزییەی هەیە. زانستی زمانی نوێ زمان بۆ فەرهەنگ و ڕێزمان پۆلێندەکات. فەرهەنگەکە کەرەستە زمانییەکان لە خۆدەگرێت و ڕێزمانەکەش یاساکانی چوونەپاڵیەکی ئەو توخم/کەرەستانە لە چوارچێوەی پێکهاتەکانی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس و سیمانتیك)دا لەخۆدەگرێت و مەرج و کۆتوبەندەکان دادەنێت، لەگەڵ ئەمەشدا فەرهەنگ هەندێك جۆری تایبەتی لە یاساکانیشی تێدایە[xii]. توێژینەوەکە پشت بەم بنەمایە دەبەستێت و زمان بۆ فەرهەنگ و ڕێزمان دابەشدەکات. لە پێشتردا چەمك و پێناسەی فەرهەنگ خراپڕوو، لێرەشدا بۆ دانانی بەشێکی دیکە لە لایەنە تیۆریەکانی توێژینەوەکە چەند پێناسەیەکی ڕێزمان دەخاتەڕوو و چەمکەکەی ڕووندەکاتەوە.

بە لای زۆرینەی زمانەوانانەوە و لە زۆرینەی توێژینەوە زمانییەکاندا ڕێزمان بۆ دوو لق/پێکهاتە پۆلێنکراوە، ئەوانیش مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسن. لە زۆینەی توێژینەوەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێناندا ڕیزمان بۆ خزمەتی ڕستەیە، لەم ڕووەوە (Trask) پێی وایە: ڕێزمان سیستمێکە بۆ ڕێکخستنی وشە و مۆرفیمەکان لە یەکەی گەورەتردا، بە تایبەتی ڕستە[xiii]. یەکێکی دیکە لە پێناسەکان ئەمەیە، کە ڕێزمان مۆدێلێکی توانا زمانییەکەی ئاخێوەری زمانێکی دایکە/دیاریکراوە و لە پێڕەوێك لە یاسای لە ژمارە سنووردار پێکهاتووە، بۆ بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێشوومار لە لە ڕستەی فۆرم دروست و واتا ڕاست[xiv]. ئەو توانا زمانییەش لەو توانست/competenceهوە هەڵێنجراوە، کە چۆمسکی لە ڕێزمانی جیهانیی (Universal Grammar/UG)دا لە کۆتایی دەیەی پەنجاکان و نیوەی سەشتەکانی سەدەی بیستهەم خستییەڕوو[xv]. توانستە زمانییەکەش لە سێ چەشنی سەرەکی لە توانای زمانی پێکهاتووە، کە توانستی سینتاکسی و توانستی سیمانتیکی توانستی فۆنۆلۆژیین[xvi]. ئەوەی خرایەڕوو قۆناغێکی گەشەسەندووی زانستی زمان و فراوانبوونی چەمکی ڕێزمانە، کە پێشتر تەنها ڕێزمان بریتی بوو لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس.

بەگشتی و بەپێی ڕێزمانی چۆمسکی هەموو دەربڕینەکان لێکەوتەی فۆنەتیکی و لێکەوتەی فۆنۆلۆژییان هەیە، بەم پێیە زمان بە دەنگ/نووسین دەردەبڕدرێت و بۆ گەیاندنی واتایە. دەربڕینەکە و واتاکەشی بۆ ئاخێوەر و گوێگری زمانەکە ڕوونە، چونکە خاوەنی فەرهەنگێکی گشتیین و ڕێزمانێکی هاوبەشیان هەیە. دەربڕینەکان بە کەرەستە فەرهەنگییەکان و یاساکانی ڕێزمان جێبەجێدەکرێن. ڕێزمانەکە چەند پێکهاتەیەکی هەیە. بەگشتیی ڕێزمان لە پێکهاتەکانی (مۆرفۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس و سیمانتیك) پێکهاتووە. ئەو پێکهاتانە کەرەستە و یاسا و مەرجی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەر یەکە لەو یاسا و مەرجانە دەتوانێت واتای ڕێزمان بگەیەنێت، بەم پێیە زاراوەی ڕێزمان دەتوانێت واتای بچووك و فراوانی هەبێت، بە پشتبەستن بەو دەقەی/یەکە گەورەیەی تێیدا بەکارهێنراوە[xvii]. وەکو بواری توێژینەوەی زمانیش ئەرکی سەرەکیی ڕێزمان دەستنیشانکردنی کەرەستەکانی زمانە لەو پێکهاتانەدا[xviii]. لەم ڕووەوە (Trask) لە فەرهەنگەکەیدا سێ تایبەتمەندیی ڕێزمان دەخاتەڕوو، کە (أ) ئەو سیستمەیە کەلە ڕێگەیەوە وشەکان و مۆرفیمەکانی زمانێك ڕێکدەخرێت بۆ یەکی گەورەتر، بەتایبەتی لەناو ڕستەدا، (ب) ڕێزمانەکە دەستەیەك یاسا لەخۆدەگرێت، (پ) وەکو زانستیش لقێکی بواری زانستی زمانە و بوارێکی لێکۆڵینەوەی پەسنییە[xix].

لە ڕوانگەی ئەوەی خرایەڕوو و وەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، دەتوانرێت بگوترێت، کە زمان لە فەرهەنگ و ڕێزمان پێکدێت، فەرهەنگەکە کەرەستەکان (فۆنیم، مۆرفیم (سەربەخۆ و بەند) و وشە(ی ناسادە) لە خۆدەگرێت و ڕێزمانەکەش بەپێی یاساکانی پێکهاتەکانی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس و سیمانتیك) ئەو یەکانە لێکدەدات بۆ یەکەی گەورەتر، بەمەبەستی دروستبوون و گەیاندنی واتا. بەم تێگەیشتنەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە یەکەکانی فەرهەنگ لە ڕێزماندا دەنوێنرێن. پەیوەست بە توێژینەوکەشەوە نیشانەکردنەکان بەشێکیان لە ڕێزماندان. (بڕوانە تەوەرەکانی دواتر.)

بۆ سەلماندنی ئەوەی خرایەڕوو، لە خوارەوە نموونەیەك لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و پەیوست بە توێژینەوەکەوە (نیشانەکردن) دەخرێتەڕوو، لەتەوەرەکانی دواتریشدا تاقیکردنەوە لەسەر نموونەی پێکهاتەکانی دیکە دەخرێتەڕوو. پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە و لەسەر بنەمای فەرهەنگ و ڕێزمان، لە کەرەستە فۆنۆلۆژیەکانی ناو فەرهەنگدا دەبێت لە فەرهەنگدا بە زانیارییە فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکییەکانیانەوە هەڵگیرابن[xx]، هەر بەو زانیارییانەوە بەشداری لە پێکهاتەی

بڕگەدا دەکەن، بڕگە کە دروستەیەکی ڕێزمانییە/فۆنۆلۆژییە، کەرەستە فەرهەگییەکان/فۆنیمەکان بو زانیارییانەوە وەردەگرێت، واتا کەرەستەکان بەزانیاییەکانیان(بەشێك لە زانیاریەکانیان)هوە دێنە پێکهاتەی فۆنۆلۆژییەوە. پەیوەست بە نیشانەکردنەوە کەرەستە فەرهەنگییەکان لە ئاستی فۆنۆلۆژییدا بەشێك لە زانیارییەکانی/نیشانەکانی لە دروستەی بڕگەدا دەنوێنێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا هەریەکە لە [ش] و [ژ] فۆنیمێکن، لەبەر ئەوەی لە بەرانبەرکردنی جووتە وشەی یەك-مۆرفیمیدا توانای گۆڕینی واتایان هەیە، بە دوو فۆنیم دانراون. هەر یەکە لەو فۆنیمانە هەڵگری نیشانەی تایبەت بە خۆیانن، کە دەشێت و ڕاستییەکی نەگۆڕە، بەشێك لەو نیشانانە لە فۆنیمی دیکەشدا هەبن/هەن، دیارترین ئەو نیشانانەی لەم دووانەدا هەن و کردوونی بە دوو فۆنیمی جیا، نیشانەی [+زرنگدەرەوەیی/گڕ] بۆ [ژ]و نیشانەی [-زرنگدەرەوەیی/گڕی]ی فۆنیمی [ش]ە، چونکە ئەو دووانە لەڕووی چۆنێتی دروستبوونیانەوە وەکو یەکن، لەوەدا جیاوازن، کە لە [ژ]دا دەنگەژێیەکان دەلەرنەوە و لە [ش]دا نالەرنەوە، بەڵام لە هەندێك دۆخدا دەشێت، یەك یان هەردووکیان بەپێی نواندنەکانیان خاوەنی نیشانەی [+/-زرنگدەرەوەیی/گڕی] بن، بۆیە لەڕیزمان/دروستەی بڕگەی ناو وشەکاندا دوو نواندنی هەبێت. بەواتا جارێك ببێت بە/ژ/ و جارێك بە /ش/، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر دوو گریمانە لە شێوەی دوو پرسیاردا دەخاتەڕوو، گریانەی یەکەم: ئایا ئەو دوو فۆنیمە لە زمانی کوردیدا هەر یەك فۆنیم نییە؟ بڕوانە هێڵکاریی (1)، گریمانە دووهەم، یەکێك یان هەریەکە لەو دوو فۆنیمە دوو فۆنیمی جیان، بەڵام بەڵام هەرووکیان خاوەنی نیشانەی [+/-زرنگدەرەوەیی/گڕی]ن، بەڵام [ژ] نیشانەکراوی [+زرنگدەرەوەیی/گڕی]یە، بەڵام [ش] نیشانەکراوی [-زرنگدەرەوەیی/گڕی] سەرەکییە؟ بڕوانە هێڵکاریی (2)، بۆ وەڵامی ئەم گریمانانە پێویستە ئەو دوو فۆنیمە لە دروستەی وشەدا تاقیبکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا گریمانەی یەکەم تاقیدەکرێتەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی نەزانرێت کام لەو دوو فۆنیمە سەرەکیین، بڕوانە هێڵکاریەکەی خوارەوە.

هێڵکاریی (1) نواندنی [ژ] یان [ش]




نواندنەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەگەر گریمانەی یەکەم ڕاست بێت، نازارێت، کامیان سەرەکیین، بۆیە لەسەرەوەی هێڵکارییەکەدا ئاماژە بە هەردوو فۆنیمەکە کراوە. ئەوەش لەبەر ئەوەی نواندنەکان لە دوو وشەی جیاواز بە واتای جیاوازەوەن، چونکە تاقیکردنەوەی فۆنیمیی ئەو دوو نیشانەکردنە لە وشە فەرهەنگییە یەک لێکسێمەکاندا دەبێت، ئەویش بەو پێیەی ئەو وشانە بێلایەنانە و لەناو پێکهاتەی فەرهەنگداندا و نەچونەتە قۆناغی بەڕێزمانبوونەوە، بەڵام ئەمەی وترا، دەبێت هێشتا بە گریمانەیی بمێنێتەوە، چونکە ئەوەی تاکو ئێستا وتراوە، هێشتا گریمانەیەکە و پێویستیی بە تاقیکردنەوەی زیاترە، بۆ ئەمەش پێویستە توخمی دیکە تاقیبکرێتەوە، کە لە پێکهاتووەکەیاندا ئەو فۆنیمانە هەبن، بۆ ئەم مەبەست بڕوانە تاقیکردنەوەی <کوشتی> بەرانبەر بە <دەیکوژێت> و <پشتیوان> بەرانبەر بە <پژدەر>، کە لە هێڵکاریی (2)دا خراونەتەڕوو.

هێڵکاریی (2) نواندنی [ش]




بە پێی تاقیکردنەوەکەی سەرەوە، ئەگەر هەردوو نموونەکە بکرێت بە بەڵگە، فۆنیمی [ش] خاوەنی زانیاریی/ نیشانەی [+/-زرنگدەرەوەیی/گڕیێ]یە، کە هەر جارێك یەکێك لەو نواندنانەی دەبێت، بەڵام ئەگەر وشەکان بەجیا وەربگیرێن، دژیەکییەك هەیە، چونکە لە یەکەمدا <کوژ> ڕەگی کردارە، کە یەك-مۆرفیمییە، کە فۆنیمەکە [ژ]ە، بەڵام لە دووهەمیاندا <پشت> وشەکەیە، کە فۆنیمەکە [ش]ە. بەم پێیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ گریمانەی یەکەم، کە دەشێت لە بنەمادا هەردوو فۆنیمەکە یەك فۆنیم بن. بۆ ئەوەش پێویستە توێژینەوەکە ئاراستەی ئیتیمۆلۆژیی وەربگرێت، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە یەکناگرێتەوە، تەنها بەپێی پێویستیی تەنها لێرەدا بەکورتی ئەوە دەخرێتەڕوو، کە پێویستە بۆ ئەم گریمانەیە پشت بە زمانە ئێرانییەکان ببەسترێت، کە لە ناویاندا زمانی فارسیی نزیکترین زمانە لە زمانی کوردییەوە، کرداری <کوشتن> لە سینتاکسی زمانی فارسییدا، بۆ تاقی ڕابردوو بە <کوشتمش> دەنووێنرێت، بۆ تاقی ڕانەبردووش بە <می کوشم>، بەوەش وا دەردەکەوێت، کە فۆنیمەکە [ش] بێت، ئەوەش ئەو گریمانەیە دێنێتە پێشەوە، کە زمانی کوردی هەروەکو چۆن هێز-کۆتایی لە فەرهەنگەکەی بۆ لێکسێمەکانی نیشانەکراوە، ئاواش [+زرنگدەرەوەیی/گڕی] بۆ ئەو جووتە فۆنیمانە نیشانەکراو بێت، کە لە ڕووی دروستبوونیانەوە وەکو یەکن، بەڵام لە نیشانەی زرنگدەرەوەیی/گڕیدا جیاوازن. توێژەر بۆ ئەم تەوەرەیە ئەوەندە زیاتر بە پێویست نازانێت، بۆ نموونە

و تاقیکردنەوە بۆ پێکهاتەکانی دیکە، بڕوانە تەوەر و پارەکانی داهاتوو.

### 3/1) چەمکی نیشانەکردن لە زماندا

لە زمانەوانییدا بیرۆکەی نیشانەکردن یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی لە چوارچێوی زمانەوانیی دروستەکارییدا لەلایەن قوتابخانەی زمانەوانیی پراگەوە[xxi] خراوەتەڕوو. چەمکی نیشانەکردن سەرەتا لە قوتابخانەی پراگی زمانەوانی و لەلایەن (ترووبێتزکۆی Trubetzkoy 1931)یەوە لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (فۆنیمە یەکگرەکان/Correlative phonemes) لە بواری فۆنۆلۆژییدا بەکارهێنراوە بۆ سێتێك/دەستەیەك لەو فۆنیمانەی کە لە نیشانە/فیچەرەکانیان هاوبەشە و لە لە یەکێك لە فیچەرەکانیاندا جیاوازن، بە کۆی فۆنیمە یەکگرەکانیش دەوترێت (Correlative phonemes)، کە تێیدا زاراوەکانی (نیشانەکردن و نیشانەنەکردن)ی بەکارهێنا[xxii]. دواتر (ڕۆمان جاکۆبسۆن) ئەم چەمکەی لە توێژینەوە مۆرفۆلۆژیی-سینتاکسی و سیمانتیکییەکاندا بەکارهێنا و دوای ئەویش ئەم زاراوەیە لە توێژینەوە سینتاکسییەکاندا بەکارهێنرا[xxiii]. زانستەکە بە نیشانەکردن ناسراوە، پێواژۆکە لە زمانەونیدا هەردوو زاراوەی (marking) و (markedness)ی بۆ بەکارهێنراوە، لە زمانەوانیی کوردیشدا (مارکەلێدان) و (نیشانەکردن).

نیشانەکردن دوو زاراوەی (نیشانەکراو marked) و (نیشانەنەکراو umarked) لەخۆدەگرێت، کە واتا ئەو دوو زاراوەیە دوو زاراوەی بواری زمانناسین، ئەگەرچی لە بوارەکانی دیکەی وەکو (مرۆڤناسی و کەلتوور)دا دەبینرێت. لە بواری زمانناسییدا زمانەوانان گرفتیان هەیە لە پێناسەکردنی چەمکەکانی نیشانەکردندا، هەندێك زمانەوان وەك یەکێك لە گرنگترین پێشکەوتنە چەمکییەکانی زمانەوانیی سەدەی بیستەم سەیردەکرێت، بە لای هەندێکی دیکەوە وەك چەمێکی ناتەواو[xxiv]. نیشانەکراو و نیشانەنەکراودا لە چوارچێوەی نیشانەکردندا. بۆچوونی جیاواز هەیە لەوەی کام کەرەستەیە نیشانەکراوە و کامیان نیشانەنەکراوە. (کرۆفت Croft) بە لایەنی کەمەوە سێ بنەما دیاریدەکات[xxv]، بریتیین لە پێکهاتەیی، ڕەفتاری، ڕێژەی بەکارهێنان، کە ئەم بنەمایانەشی لە ڕاڤەکردنی پێوەرەکانی (گرینبێرگ)هوە هەڵێنجابوو، پێی وابوو لە نێوان پێوەرەکان گرینبێرگدا یەکگرتن هەیە، بەوەش گشتاندنی بۆ پێوەرەکانی گرینبێرگ کرد، کە (گرینبێرگ) پێنج پێوەری بۆ فۆنیم و هەشت پێوەری بۆ مۆرفۆسینتاکس دانابوو[xxvi].

زمانەوانان هاوبۆچوون نیین لەسەر ئەوەی ئایا أ- نیشانەکردن لەسەر بنەمای دژیەکییە دوانەییەکانە،(بڕوانە ش و ژ لە سەرەوە) ب- یان هەر خستنەڕوویەك و زیادکردنێکی (مۆرفیمی بەند) بۆ وشە و دەستەواژەکان دەبێتە نیشانەکردن[xxvii]. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە نیشانەکردن تەنها لە بواری فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیدا نییە، بەڵکو زانستەکە بە جۆرێك گەشەپێدراوە، هەموو بوارەکانی زمانی گرتۆتەوە. بۆ نموونە: لە زمانی کوردیدا وشەی /کەو/ هایپۆنیمی هەردوو وشەی /نێرەکەو/ و /ماکەوە/، کەواتا نێر/نێرێتی/muscoline و مێ/مێیەتی/feminine دوو نیشانەن، کە بە شێوەی [+/-] لە وشەی /کەو/ لە فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردیدا وەکو دوو نیشانە/فیچەری دژبەیەك هەڵگیراون. بۆیە وشەکانی /نێرەکەو/ و/ماکەو/ نیشانەکراون، چونکە /نێرەکەو/ نیشانەی لە [+نێر] داوە و وشە /ماکەو/یش نیشانەی لە [-نێر] داوە. بەڵگە و نموونە بۆ ئاماژەی دووهەم لە زمانی کوردیدا شاوشەیەك نییە ببێتە هایپۆنیمی هەریەکە لە وشەکانی/ئەسپ و ماین/ و /گا و مانگا/، بۆیە ئەم وشانە [+/- نێر] لە پێکهاتەکەیاندا هەیە، لە هەمبەر ئەماندا وشەکانی /ماین، مانگا، .../ نیشانەکراون بۆ ڕەگەز/جێندەری (مێ)، ئەمە لە زمانی ئینگلیزییشدا هەمان دیاردەیە. بۆ نموونە وشەکانی Lion/ هەمبەر بە Lioness، horse هەمبەر بە mare/، ئەمە ئەو حاڵەتانەش دەگرێتەوە، وشەیەك بەبێ گێرەك/وشەی سادە بەرانبەر بە هەمان وشە کە بوەتە وشەیەکی مۆرفۆلۆژیی. وەکو وشەکانی consistent/ بەرانبەر بە inconsestent، respectful بەرانبەر بە /disrespectful . (Lyons( 1977' .305) ئەم چەشنە لە نیشانەکردن بە (نیشانەکردنی فەرمی/Formal marking) ناودەبات[xxviii]، ئەوەی کە نیشانەکردن تەنها لەسەر بنەمای دژیەکییە دوانەییەکان ناوەستێت، بەتایبەتی لە ئاستی فرێز و ڕستەدا دەردەکەوێت (بڕوانە بەشی سێهەم)، بۆ نموونە مۆرفیمەکانی دۆخ، . . . . بەڵام هەر چۆنێك بێت، نیشانەکردنەکان پەیوەندی بە هەڵبژاردنە لە پارادیگمایەکەوە هەیە لە هەڵبژاردنی مۆرفیمەکاندا.

نیشانەکراو و نیشانەنەکراوی وەکو دوو چەمکی پێواژووی نیشانەکردن، دوو چەمکی بەرانبەرین. ئەمە لە بواری فۆنۆلۆژییدا بەوەدا دەردەکەوێ، کە فۆنیمێك زیاتر لە نواندنێکی هەیە. بۆ نموونە بڕوانە دەنگی /ش ، ژ/ وەکو دوو نواندنی فۆنیمێکن لە نموونەکانی خوارەوە، بەڵام ئەم بەرانبەرییە لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا بەو چەشنە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی وشە مۆرفۆلۆژییەکان لە وشە فەرهەنگییەکانەوە هەڵگوێزراون و وشە فەرهەنگییەکان گشتی و مۆرفۆلۆژییەکان تایبەت، کەواتا دەبێت وشە نیشانەنەکراوان پێش وشە نیشانەکراوەکان هەبوون. بۆ تێگەیشتنی زیاتر بڕوانە نموونەکانی /کەو، نێرەکەو، ماکەو/. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە وشە نیشانەنەکراوەکان لە بەرانبەر وشە نیشانەکراوەکاندا گشتییترن. هەندێك توێژەر وای بۆ دەچن، کە بابەت و بوارە نیشانەکراوەکان بە بەراورد بەهاوتا نیشانەنەکراوەکانیان کەمتر

دەبینرێن و دەردەکەون[xxix]، ئەمە بەو واتایە دێت، کە فەرهەنگی زمانان وشەی نیشتانەنەکراو/بێنیشانەیان کەمترە بە بەراورد بە وشە نیشانەکراوەکان. کەواتە نیشانەکردن دەتوانێت، شێوەی پەیوەندییەکی دوولایەنە لە خۆبگرێت، کە لە نیشانەنەکراوەوە دەسپێدەکات و بە نیشانەکراوترین شێوە کۆتاییدێت[xxx]. ئەم دەربڕینەی (مەهدی سبزواری) بابەتی ڕەگ/root و بناغە/base لەخۆدەگرێت، کە دەشێت بناغەی وشەیەکی هەڵگوێزراو، وشەیەکی هەڵگوێزراو/ناسادە بێت[xxxi]. واتا پەیوەست بە نیشانەکردنەوە دەشێت توخمێکی فەرهەنگیی دووجار نیشانەبکرێت، بۆ نموونە بڕوانە وشەکانی /خۆش، نەخۆش و نەخۆشیی/، /نەخۆش/ لە /خۆش/ەوە هەڵگوێزراوە و /نەخوشیی/ش لە /نەخۆش/ەوە.( *ئەمە نیشانکردنی مۆرفۆلۆژیانەیە، کە نیشانەکردنێکی فۆرمییە).* ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە وشە نیشانەکراوەکان وشەی ناسادە و ئاڵۆزن. پەیوەست بە ڕوونکردنەوەکەی سەرەوە و بۆ بابەتی نیشانەکردن لە ئاستی فۆنۆلۆژییدا بەرانبەر بە نیشانەکردن لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا بەرانبەربوونی هەردوو چەمکەکە لەو دوو ئاستەدا جیاوازن.

### (1-3/1) جۆرەکانی نیشانەکردن

(لاینز) پێی وایە، کە لە نێو فەرهەنگی زماندا سێ جۆر نیشانەکردن هەیە[xxxii]، ئەم جۆرانە دواتر هەریەکە لە (کوروش سەفەوی)[xxxiii] و (مەهدی سبزواری)یەوە بە هەمان دابەشکارییەوە خراوەتەڕوو. بەگشتی سێ جۆر نیشانەکردن لە زماندا هەن، کە بریتیین لە:

### (1-1-3/1) نیشانەکردنی فۆرمی formal marking

ئەم چەشنەی نیشانەکردن بوون یان نەبوونی یەکەیەکی فۆرمی پەیدادەبێت. ئەمەش لە بارێکدا دەردەکەوێت، کە ئەگەر دوو وشەی بەرانبەری یەکێکیان لە ڕێگەی فۆرمێکی دیاریکراوەوە نیشانەبکرێت. ئەم دوو وشەیە یەکێکیان نیشانەنەکراوە و ئەوی دیکەیان نیشانەکراوەکەیە، کە بە زیادبوونی فۆرمێك نیشانەکردنەکە هاتووەتەئاراوە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی (تۆقێنەر) بە هۆی فۆرمێکەوە/پاشگرێکەوە نیشانەکراوە بەرانبەر بە ڕەگی کرداری (تۆقین)، هەروەها وشەکانی (ئاسنگەر، دانساز، ...) نیشانەکراون لەبەرانبەر وشەکانی (ئاسن، دان، ...)دا. ئەم جۆرە لە نیشانەکردن زۆرتر لەو وشانەدا بەدیدەکرێت و پەیپێدەبرێت، کە خۆیان توانای بەرانبەرکردنەوەیان هەیە. ئەوەش بەتایبەتی لەو وشانەدا کە واتا دژەکەیان لە واتا بنجییەکەوە هەڵگوێزراوە. بۆ نموونە وشەکانی (ناپاك، نامەرد، نەخۆش، ناخۆش، ...)[xxxiv] بەرانبەر بە وشەکانی (پاك، مەرد، خۆش (بەواتای تەندروست)، خۆش (ب واتای بەچێژ)، ..).

هەر یەکە لە وشەکانی گرووپی یەکەم بە هۆی فۆرمێکەوە بۆ سەر وشە بنجییەکە نیشانەکراون. بۆیە پێیان دەوترێت نیشنەکردنی فۆرمی، چونکە بە هۆی زیادبوونی فۆرمێکەوە نیشانەکراون.

نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە نیشانەکردنە دەشێت لە پەیوەندی گشت و بەش بێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی (کەو) شاناوێکە بۆ وشەکانی (نێرەکەو و ماکەو)، دوو وشەکەی دواییان وەکو نموونەکانی پێشتر بە هۆی فۆرمێکەوە نیشانەکراون. نیشانەکردنەکە بۆ ڕەگەزە، کە وشەی (کەو) جگە لە نیشانە واتایەکانی دیکەی (بڕوانە نیشانە/سیما واتاییەکانی وشەکان لە نموونەکانی خوارەوە)، خاوەنی نیشانەی [-/+ نێر]ە. هەر یەکە لە (نێرەکەو و ماکەو) یەکێك لەو سیمایانەیان نیشانەکردووە.

نواندن و نموونەی (1) نیشانەکردنی فۆرمی بۆ ڕەگەز

| 1- (کەو) | (نێرەکەو) | (ماکەو) |
|---|---|---|
| + گیاندار | + گیاندار | + گیاندار |
| + باڵندە | + باڵندە | + باڵندە |
| - شیردەر | - شیردەر | - شیردەر |
| +/- نێر | + نێر | - نێر |

وەکو لە نموونەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، هەر یەکە لە فۆرمەکانی (نێر و ما) یەکێك لە سیماکانی وشەی (کەو) نیشانەکردووە. مەرج نییە هەموو جۆرەکانی بەش و گشت بە مۆرفۆلۆژیانە و لە ڕێزماندا بە هۆی فۆرمێکەوە ڕوودەدات. وشەی (کەو) خۆی نیشانەکردنێکە بۆ وشەی (باڵندە)، کە وشەکەی دواییان شاناوێکە بۆ وشەی (کەو). ئەم نیشانەکردنە پێی دەگوترێت نیشانەکردنی واتایی semantic marking. جگە لەو جیاوازییەی نیشانەکردن، هەندێك وشەی دیکە هەن، بە هۆی فۆرمەوە نیشانەناکرێن، بۆ نموونە وشەکانی (سارد و گەرم، کۆن و نوێ، گەورە و بچووك، درێژ و کورت، ڕوناك و تاریك، ... تد). هەر یەکە لەم جووتە وشانە وشەی دووهەمیان نیشانەکراوترن[xxxv]، چونکە ئەو وشانەی واتای نەرێنییان تێدایە لە هزری ئاخێوەراندا نیشانەنەکراون. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە نیشانەکردنی دابەشکەرانە.

### (2-1-3/1) نیشانەکردنی دابەشکەرانە distribution marking

ئەوەی ڕوونە لە مۆرفۆلۆژییدا فۆرمە نیشانەکراوەکان واتایەکی تایبەتیتریان هەیە، بەڵام لەم چەشنەی نیشانەکردندا، نیشانەکردنەکان بەرانبەریین، (یەکێك لە فۆرمەکانی بەرانبەری دابەشبوونێکی فراوانتری لەخۆگرتووە، بێ ئەوەی هۆکاری نیشانەکردنەکە بە شێوەیەکی فۆرمی لە پاڵ نیشانەکراوەکەدا هەبێت)[xxxvi]. واتا لێرەدا نیشانەکردنێکی مۆرفۆلۆژیانە نییە،

بەڵکو لە بەرانبەر فۆرمێکی نیشانەنەکراودا unmarked فۆرمێکی نیشانەکەر هەیە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا فۆرمەکانی/وشەکانی (بەرزی، درێژی، دووری، تەمەن، گەورەیی) نیشانەنەکراون. ئەم وشانە زیاتر ئاشنان و دەناسرێنەوە و بڵاوەن و گشتیین. لە سیمانتیکیشدا فۆرمە نیشانەنەکراوەکە واتایەکی گشتیتری هەیە و فۆرمە نیشانەکراوکە واتایەکی تایبەتییتری هەیە[xxxvii]. بۆ نموونە بڕوانە نموونەکانی خوارەوە:

2-أ- بەرزیی خانووەکە چەندە؟

ب- درێژیی گوریسەکە چەندە؟ / گوریسەکە چەند درێژە؟

پ- گوریسەکە دە مەتر درێژە. / گوریسەکە دوو مەتر درێژە.

ت- ماڵتان چەنێك لێرەوە دوورە؟

ج- ئەو پیاوە تەمەنی چەندە؟

چ- پیاڵەکە چەنێك گەورەیە؟

لە ڕستەکانی سەرەوەدا هەر یەکە لە وشەکانی (بەرزی، درێژی، دوور، تەمەن، گەورە/گەورەیی) نیشانەنەکراون، چونکە هەر یەکەیان چەمکێکی گشتییان هەیە، چونکە وشەکان بۆ چەمکی پێچەوانەشیان بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی (تەمەن) بۆ منداڵ و گەورەش بەکاردەهێنرێت. بڕوانە نموونەکانی (2-ج و 3-ج)، بەڵام کاتێك وشەیەکی بەرانبەریان بەکاردەهێنرێت، کە وشەکە گشتیی و باو نییە و بەکارهێنانیان سنووردارە[xxxviii]، ئەوە نیشانەکردنەکە دێتەئاراوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە نموونەکانی(3).

3-أ- خانووەکە چەنێك نزمە؟

ب- گوریسەکە چەنێك کورتە؟

پ- گوریسەکە نیومەتر کورتترە.

ت- ماڵتان لێرەوە چەنێك نزیکە؟

ج- ئەو منداڵە تەمەنی چەندە؟

چ- ئەو پیاوە چەنێك گەنجە؟

ح- پیاڵەکە چەنێك بچوکە؟

وەکو لە نموونەکاندا دەردەکەوێت، نموونەکانی (2) چەمکێکی گشتییان هەیە و بەکارهێنانیان فروانترە، لە بەرانبەریاندا نمونەکانی (3) چەمکی تایبەتییان هەیە و کەمتر بەکاردەهێنرێن، بۆیە فۆرمی نیشانەکراون marked form.

## 3/1-1-3) نیشانەکردنی واتایی semantic marking

هەروەکو چۆن نیشانەکردن تایبەتکردنە، نیشانەکردنی واتاییش ئاماژەکردنە بەوەی کە واتای وشەی نیشانەکراو تایبەتترە لە وشە نیشانەنەکراوەکە[xxxix]. ئەمەش لە بارێکدا دەردەکەوێت، کە وشە نیشانەنەکراوەکە ئەوەندە فراوان بێت، لە ڕووی واتاوە وشە نیشانەکراوەکەش لەخۆبگرێت[xl]. نموونەی لەم جۆرە لە زمانی کوردییدا بە دوو جۆر دەردەکەوێت، کە ئەوانیش جۆرێکیان نیشانەکردنێکی فۆرمییە، کە بە زیادکردنی فۆرمێك بۆ وشەکە نیشانەکردنە ڕوودەدات. بۆ نموونە وشەکانی (نێرەکەو و ماکەو) بە فۆرمێك (نێر / ما) نیشانەی وشەی (کەو)یان کردووە، کە لە ڕووی ڕەگەزەوە یەکێك لە نیشانەکانی/سیماکانی [+/- نێر] نیشانەکردووە. جۆرەکەی دیکەشیان ئەوەیە، کە وشەیەکی بۆ دروستەکرێت/فۆرمێکی بۆ دادەڕێژرێت، ئەگەرچی لە ڕووی فۆرم/مۆرفۆلۆژییەوە نیشانەی نەکردووە، وشە گشتییەکە لە ڕووی واتاییەوە وشە نوێیەکەش لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە لە ڕووی جێندەرەوە (مرۆڤ) [+/- نێر]ە، بەڵام دایك [-نێر] و (باوك) [+ نێر]ی بۆ داهێنراوە[xli]. یان بۆ نموونە هەندێك کات و لە هەندێك بەکارهێناندا وشەیەك شا-وشەیە بۆ وشەکانی خوار خۆی. بۆ نموونە وشەی (مەڕداری) لە خۆیدا واتای (مەڕ و بەران)یشی هەڵگرتووە. بەڵام کاتێك دەگوترێت (بەرانێکی سەربڕی/ بەرانێکی کڕی)، ئەوە لێرەدا نیشانەی لە ڕەگەز داوە.

شایانی گوتنە چەشنەکانی نیشانەکردن هەندێك کات تێکەڵ و چووەناویەك دەردەکەون، کە زۆرترین بابەتەکانی نیشانەکردنی فۆرمی نیشانەکردنی دابەشکارانە و واتاییشیان تێدیە، بەڵام مەرج نییە ئەم بابەتە هەمیشە بەو جۆرە بێت.

## 1/2) نیشانەکردنی فەرهەنگی

وەك پێشتر لە پێناسەی فەرهەنگدا ڕوونکرایەوە، فەرهەنگ کۆی زانیارییە زمانییەکانی پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکیی لە توخمە پێکهێنەرەکانیدا هەڵگرتووە. هەر یەکێك لەو زانیارییانە لەناو مۆرفیمەکاندا هەڵگیراون (مۆرفیمە سەربەخۆ و مۆرفیمە بەندەکان). دەربڕینەکە ئەوە دەردەخات، کە زانیاریی زمانی لە توخمەکاندا گەنجکراوە، ئەوەش دەربڕی ئەوە دەبێت، کە بیچمی فەرهەنگیی جا چ وشە بێت یان مۆرفیم نوێنەری کۆمەڵێك زانیارین، نەك تەنها زانیارییەك، (بڕوانە 2/1 پێکهاتەی ڕێزمان). ئەگەر بیچمەکان یان توخمە سەربەخۆکان بە ($X^O$) ناوببرێن، ئەوا دەکرێت زانیارییەکان بەو جۆرەی خوارەوە بنوێنرێت[xlii]:

هێڵکاریی(3) نواندنی زانیارییە زمانییەکانی لێکسێم ($X^O$)




($X^O$)هەکان بە ئاستی نواندنی سفرەوە بۆ وشەکان پێشنیازکراون، کە زانیارییەکان لە بیچمەکانەوە لێکدەدرێتەوە، بەڵام هەر لە فەرهەنگدا توخمە بەندەکان ($X^{-1}$)[xliii] بە هەمان ئەو زانیارییانەوە هەڵگیراون، ئەوا واتا و کۆی زانیارییەکان لە ناو وتنەکاندا هەڵگیراوە. بەوەش توخمی فەرهەنگیی لە هەر

ئاستێکی نواندندا بێت، خاوەنی زانیارییەکانە و وەك بیچمێك بۆ دەستخستنەوەی زانیارییەکان دەنوێنرێت.

وەك لە پارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا، ڕێزمان بۆ نواندنی زانیارییەکانە، ئەوەش بەو پێیەی ڕێزمان ئەو زانیاری و فرەزانیاریانە دەنوێنێت، کە لە هەریەکێك لە توخمە فەرهەنگییەکاندا هەڵگیراون. واتا ئەگەرچی فەرهەنگ وەك پێکهاتەیەکی سەربەخۆ مامەڵەدەکات و یاسابەندانە پۆل و کەرەستەکانی ڕێکدەخات و دادەڕێژێت، چونکە فەرهەنگ وەکو پێکهاتەیەك کاری لەسەر بکرێت، ئەوە دەبێت خاوەنی ڕێسا و یاسا و کەرەستەی خۆی بێت، بۆ ئەوەش دەبێت فەرهەنگ خاوەنی نواندنی خۆی بێت، ئەوە دەبنە بنەما بۆ نواندنەکان لە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا[xliv]، بەڵام لەبەرئەوەی وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە هەر توخمێکدا کۆزانیاریی زمانی هەن، بۆیە دەبێت پێکهاتەکانی ناو ڕێزمان بۆ نواندنی ئەو زانیارییە ناوەکییانە بخرێتەگەڕ.

پەیوەست بەمەوە، وەك لە پێناسەکانی نیشانەکردندا ڕوونکرایەوە، پێواژۆی نیشانەکردن ئاراستەکەی لە گشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتی دەچێت، ئەوەش پەیکاڵی ئەو نواندنە دەبێت، کە توخمەکان فرەزانیاریین، هەروەها لەبەرئەوەی گریمانەی کۆزانیاریی زمانی ناو توخمەکان کرا، بۆیە ئەوەش هەر ڕوانگەیەکی گشتیی دەبێت، لەمەوە گریمانەی نواندنی ڕێزمانیی بۆ بەتایبەتیکردنی زانیارییەکانە. کە لە فەرهەنگدا زانیارییە ڕێزمانییەکانیش هەن، کە ئەم زانیاریانە دەبنە بنەمایەك لە زمانێکی دیاریکراودا، بۆیە بۆ نموونە پارامێتەری سەر لە زمانەکاندا جیاوازە[xlv]. (بڕوانە پارەکانی دواتر.)

## 2/2) نیشانەکردنی پێش فەرهەنگیی:

فەرهەنگ گەنجینەی توخمە زمانییەکانە و هێماکانی زمانی تێدا هەڵگیراوە. ئەوەش بە واتای فەرهەنگ کۆی زانیارییەکانی لە هێما و توخمەکانیدا گەنجدەکات. بیرۆکەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە فەرهەنگ هێما و توخم بۆ ئارگۆمێنتی زمانی خەزن/گەنجدەکات، بەڵام بە زانیاریی فرەوە. زمانەکان تا ڕادەیەك لەم ڕووەوە هەڵسوکەتی جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە دەشێت زمانێك توخمی فەرهەنگیی لەزمانێکی دیکە زیاتر بێت، یان بەپێچەوانەوە، بۆ نموونە لە زمانی فەرەنسیدا وشەی/لێکسیمی (moton) واتای مەڕ و گۆشتی مەڕی کوژراویش دەدات، کەچی لە زمانی ئینگلیزییدا (motton) بۆ گۆشتی مەڕی کوژراوە و لێکسیمی (sheep) بۆ مەڕە[xlvi]، یان بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی وەرگیراومان هەیە بۆ کەرەستەیەك، کە پێی دەوترێت (کورسی)، لە زمانەکەدا زۆرینەی ئەو کەرەستانەی بۆ لەسەر دانیشتن پێیان دەوترێت (کورسی)، کەچی لە زمانی ئینگلیزییدا هەریەکە لە وشەکانی armchair، couch، sofa، stool، chair واتای جیاوازیان هەیە، ڕەنگە وشەی chair لە زمانەکەدا ببێتە شا-وشە و وشەکانی دیکە بگرێتەوە، بەڵام لەزمانی کوردی و فەرەنسییدا بەوجۆرە نییە، لە زمانی فەرەنسیدا وشەی fauteuil وەکو کورسیی زمانی کوردی بەرانبەر بەو وشەکانی زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، کە بەرانبەرە بە وشەی armchair لە زمانەکەدا[xlvii]، لێرەوە پرسیاری ئەوە خۆی دێنێتەپێشەوە، کە ئایا هێما و توخم/ئارگۆمێنتەکان بۆ زانیارییەکان داڕێژراون یان بە پێچەوانەوە؟ واتا ئایا هێماکان/توخمەکان بۆ زانیارییە دنیاییەکان/دەرەوەی زمان دادەڕێژرێن یان لەناو هێما زمانییەکاندا زانیارییەکان هەن؟ ڕاستە فەرهەنگ مامەڵە لەگەڵ هێمای زمانییدا دەکات، بەڵام دەبێت قۆناغی پێش فۆرمداڕشتنیش هەبێت، واتا دەبێت چەمکێك هەبێت، تا لە فەرهەنگدا هێمایەکی بۆ دابنرێت، واتا دەبێت ناولێنراوێك هەبێت، تا ناوێکی بۆ دابنرێت، ئەم پرۆسەی ناونانە قۆناغی پێش-فەرهەنگییە. گریمانەی قۆناغی پێش-فەرهەنگیی مامەڵە لەگەڵ دەرەوەی زمان دەکات، بەوجۆرەش بێت، فۆرم بۆ نیشانەکان دادەڕێژرێن. ئەو گریمانەیە لە چوارچێوەی سیمانتیکی جیهانی و تیۆری سیمانتیکییدا خراوەتەڕوو. ئەو دوو تیۆرییە گریمانەی فۆرمداڕشتنی فەرهەنگیین بۆ ئەو چەشت و کەرەستە و بیرانەی زمانەکان بەپێی بوون و هەبوونیان فۆرمیان بۆ دادەڕێژن.

تیۆری سیمانتیکی جیهانی مامەڵە لەگەڵ ئەو نیشانە جیهانییانەدا دەکات، کە لەناو فۆرمی وشەیی زمانەکاندا هەن، هەرچەندە ناتوانین لیستێك نیشانەی واتایی جیابکەینەوە و بڵێین ئەمانە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا وەکویەکن[xlviii]. بۆ نموونە دەکرێت نیشانەی [+نێر، +هەراش، +مرۆڤ] نیشانەی جیهانیی (پیاو و الرجل و man) بن. واتا فۆرمە جیاوازەکان نیشانە لە بوون و هەبوونەکە دەدەن. بڕوانە هێڵکاریی نواندنی (4):

هێڵکاریی (4)




نواندنەکە ئەوە دەردەخات، کە نیشانەکان زانیاری بوون و هەبووەکانن. ئەو زانیاریانە بە فەرهەنگیی زمانەکاندا نیشانەدەکرێن، بەوەش (پیاو) نیشانەکراوێکی فەرهەنگییە پەیوەست بە کۆمەڵێك نیشانەی دنیایی/دەرەوەی زمان، ئەوەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە فۆرمداڕشتنی فەرهەنگیی بۆ نیشانەکردنی ئەو زانیاریانەن، کە لە دەرەوەی

زمانن، ئەوەش لەبەرئەوەی فۆرمەکە بۆ نیشانەکردنەکەیە. گەر گریمانەکەمان بە چەمکی ناسراوی تاقیبکەینەوە، لە زماندا چەمك و نیشانەی ناسراویی [+ناسراوکردن] /-ەکە/[xlix] لە زمانی کوردییدا، بۆ زمانی عەرەبیی /ال -/، لە زمانی ئینگلیزییشدا /the/. بڕوانە (5).

نواندنی (5) چەمکی ناسراوی لە هەندێك زماندا




ئارگۆمێنتە/فۆرمە فەرهەنگییەکە نیشانەکردنی ئەو چەمکەیە و پەیوەست بە زمانە تایبەتەکانەوە فۆرمی بۆ دارێژراوە، پەیوست بە سیمانتیکەوە دەربڕی گشتێتیین، بەڵام پەیوەست بەو سێ زمانەی کە فۆرمەکانیان بۆ دارشتووە، دەبنە تایبەتیی و دەکرێت پێشبینیی ئەوەیان لێبکرێت، لە هەریەك لەو زمانانەدا زانیاریی زیاتر و تەنانەت زانیاریی پراگماتیکیشیان تێدا گەنجبکرێت. گریمانەی فەرهەنگییش ئەوە دەسەلمێنێت، کە توخمە فەرهەنگییەکان و هێماکان ئەو نواندنە تاکلێکسیمانەن، کە بە کۆی ئەو زانیارییانەوە هەڵگیراون، کە ڕەنگە ئەمە بۆ زمانێکی تایبەتی گونجاو بێت، بەجۆرێك وشە سادەکان /یەك-لێکسیێمەکان، خۆیان دەستپێکی چوونەناو زمان و فەرهەنگن. بەوەش نیشانەکردنەکە لە پێکهاتەی فەرهەنگەوە دەستپێدەکات و زانیارییە زمانییەکان لە وشە سادەکانەوە دەستپێدەکەن و فۆرمی وشەکە نیشانەکردن و زانیارییدەردەبڕێت، چونکە زمان مامەڵ لەگەڵ فۆرمی زمانییدا دەکات، تا وەکو یەکەیەکی زمانی بە کۆی زانیارییەکانییەوە گەنجی بکات[l]، کە کەرەستەکان زانیاریی زمانی و نازمانییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە. دەکرێت نیشانەی [+مێ] بەبێ جیاکاریی بەها فۆرمی بۆ دابڕێژرێت و بەشێك بێت لە پێکهاتەی سیمانتیکیی گەلە-وشەیەکی فەرهەنگی زمان، بڕوانە (نموونەکانی (4) هێڵکاریی (6)دا)، بەڵام لەسەر بنەمای جیاکاریی بەها، دەکرێت نیشانەکردنەکان جگە لە فۆرمداڕشتنێکی فەرهەنگی، هەر فۆرمەکە بۆ جیاکاری بەهای کۆمەڵایەتی نیشانەکردن بێت، بڕوانە نموونەکانی (5) لە هێڵکاریی (7)دا:

1- دەکرێت نیشانەی [+مێ] هۆکاری فۆرمداڕشتنی ئەمانەی خوارەوە بێت، واتا تۆڕی سیمانتیکیی [+مێ].

نواندنی (6)




2- دەکرێت نیشانەی [+مێ] هۆکاری فۆرمداڕشتنی ئەو تۆڕە واتایەی خوارەوە بێت و فۆمە بە پێی جیاکاریی بەها بێت.

نواندنی (7)




بیرۆکەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە فۆرمداڕشتنی فەرهەنگی قۆناغێکی نیشانەکردنە و هەر خودی فۆرمەکە نیشانەکردنی ئەو زانیاریی و دنیابینی و تایبەتمەندیەیە، کە لە دەرەوەی زمانە، بەجۆرێك تا نەیەتە ناو فەرهەنگەوە بە فۆرمێکی زمانی هەژمار ناکرێت، هەروەها بیشڕوانە وشەکانی (مردن، مرداربوونەوە، تۆپین، وشکبوونەوە).

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا زانیاریی و ناواخنی زانیاریی توخمە فەرهەنگییەکان لە ڕێزماندا دەنوێنرێن، نیشانەکانی پێش-فەرهەنگی بۆ نواندنی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی تاقیدەکرێنەوە.

## 3/2) نیشانەکردنی فۆنۆلۆژیانە

فۆنۆلۆژیی پێکهاتەیەکی سەربەخۆی ڕێزمانە، بەپێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان دەتوانێت بە هەمان بنەما خۆی بنوێنێت[li]، پێکهاتەکە توخم و کەرەستە زانیاریەکانی لە فەرهەنگەوە وەردەگرێت، بەوەش دەبێت فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی پێڕەوێکی پێش بەڕێزمانبوون(pre-grammatcalization) بێت. فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی ئاست و نواندنێکی نێو فەرهەنگی مۆرفۆلۆژییە. لەبەرئەوەی ئاست و پێکهاتەی فەرهەنگی بۆ فۆنۆلۆژییش دەستدەدات و فەرهەنگ بۆ ئەو پێکهاتەیەش دەبێتە پاشخان، بۆیە دەبێت توخم و کەرەستەکانی ئەو پێکهاتەیە لە فەرهەنگەوە تاقیبکرێنەوە. کەرەستە و توخمە فۆنۆلۆژییەکان بەسەر کەرتی و ناکەرتییەکاندا دابەشدەبن، کە فۆنیمە کەرتییەکان بەو کەرەستانە دیارانە دەوترێت، کە بە شێوەیەکی زنجیرەیی لە دروستکردنی یەکەی گەورەتردا پێکەوە دەبەسترێنەوە و پێیان دەگوترێت (segmental)، کەرەستە ناکەرتییەکانیش ئەو دیاردە دەنگییانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگای وتنەوە دەردەبڕدرێت، وەکو (هێز stress، زرنگە pitch، ئاواز intonation، ...هتد)، کە بە supra-segmental ناودەبرێن[lii]. هەریەك لەوانە ئاکارێکی نێوخۆییان هەیە، ئەوویش

بەواتای ئەوەی جڵەوی پڕەوی ئەو کەرەستە و توخمانە دەگرێت.

لەبەرئەوەی توخمە فەرهەنگییەکان لە بۆ ئەم توێژینەوەیە مەبەست لێی یەك-لێکسێمەکان دەگرێتەوە، دەبنە بنەمای کۆزانیاریی زمانی (واتا زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی لە یەك-لێکسێمەکاندا تاقیدەکرێنەوە.)، چونکە ئەوانە خۆیان فەرهەنگیین و دەبنە بنەمای زانیارییە فەرهەنگییەکان، هەر گۆڕانێك لە ڕێزماندا لە فۆرمە یەك-لێکسێمەکاندا ڕوودەدات، ئەوا کۆزانیاریی زمانی فۆرمە نوێیەکەدەگۆڕێت[iiii]. ئەوەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە نیشانە زمانییەکان لە یەك-لێکسێمەکاندا مارکەیان لێدراوە/نیشانەکراون و هەر گۆڕانێکی ڕێزمانی~مۆرفۆلۆژیی ڕوودەدات، بە گوێرەی یان جودایی ئەو زانیارییانە بەرهەمدێت.

پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە وەها دەردەکەوێت، کە پەیڕەوی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی کە لە یەك-لێکسێمەکاندا بەرجەستە بووە، جا چ لە ڕووی کەرتییەوە بێت یان ناکەرتیی، وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، دەبێت قۆناغێکی پێش-فەرهەنگی هەبێت، جا لە شێوەی نیشانەدا بێت یان چەمك. پەیوەست بە فۆنیمەکانیشەوە ئەو گریمانەیە ڕاست دەردەچێت، کە لە فۆنیمەکاندا دەستەیەك نیشانەی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیی هەڵگیراون، بۆ نموونە نیشانەکانی [+/-زرنگدەرەوەیی/گڕ] بەرهەمهێنەری فۆنیمەکانی /س/ و /ز/ ە، هەروەها بۆ /ش/ و /ژ/یش ڕاستە/دەبێت. دەبێت بەرجەستەکردنی ئەو نیشانەیە بە فۆنیمەوە لەناو پەیڕەوی فەرهەنگدا دەبێت. بڕوانە (8).

هێڵکاریی (8) نواندنی پێش-فەرهەنگی +/- زرنگدەرەوەیی/گڕی




نواندنەکە قۆناغەکانی نیشانەکردن لە نیشانەکانەوە بۆ فۆرمی فەرهەنگیی دەبات، بەو پێیەش نیشانەکان/نیشانە دنیاییەکان پێش فەرهەنگیین و هەرکاتێك بوونە کەرەستەیەکی فەرهەنگی/ بوونە هێمایەك، ئەو کاتە بە فۆرمی زمانی هەژماردەکرێت.

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، زمانی مرۆڤ سیستەمێکی دوو پەلکیی نێوان فەرهەنگ و ڕێزمانە، بۆیە مۆدێلەکە لە فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان دەستپێدەکات، بەوەش قۆناغی نیشانەکردنەکە درێژدەبێتەوە. بڕوانە مۆدێلی نیشانەکردن لە (9)دا.

هێڵکاریی (9) نواندنی توخمی زمانی




نواندنە کەرتییەکەی ناو پەیڕەوی فۆنۆلۆژیی بە بەرجەستەکردن و نیشانەکردنی فۆنیمەکان تاقیدەکرێنەوە، بڕوانە تاقیکردنوەی [ش، ژ] لە ڕێزماندا، بەڵام لەبەرئەوەی فۆنیمە ناکەرتییەکانیش پەیڕەوی فەرهەنگی و ڕێزمانییان هەیە، بۆیە ئەو فۆنیمە ناکەرتییانەش پەیوەست بە نیشانەکردن و نواندنەوە پەیڕەوی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە دەشێت ناوی تایبەتیی لە فەرهەنگدا زرنگەی بەرزتری هەبێت بە بەراورد بە پۆلە فەرهەنگییەکانی دیکە، بە واتا زرنگەی بەرز بۆ ناوی تایبەتی نیشانەکراوە، یان جگە لە وشە سادە یەك-بڕگەییەکان ئەوانی دیکە لە فەرهەنگدا داوای هێز-کۆتایی دەکەن، بەواتا هێز-کۆتایی بۆ پۆلە فەرهەنگییەکان *(جگە لە وشە سینتاکسییە واژەگۆکەرەکان)*[iiv] نیشانەکراوە. تاقیکردنەوەکە پەیوەست بە هێز و زرنگەوە دەبێت. هەریەك لەوانە ناکەرتیین و نواندنی فەرهەنگی و ڕێزمانییان هەیە. پێشبینییەکان ئەوە بەدەستەوەدەدەن، کە هێز پەیوەست بە توخمە فەرهەنگییەکانەوە نیشانەکراوبن. مۆدێلی هێز لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا لە کۆتاییدایە، ئەوەش کۆی توخمە فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە (جگە *لە وشە نەشکاوەکان*) و پرۆسەی/پێواژۆی بەلێکسێمبوونیش مەرجدار دەکات، واتا پێوەری هێز-کۆتایی مەرجی بوون بە فەرهەنگی و بەلێکسێمبونە[iv]، چونکە ئەگەرچی بەلێکسێمبوون پرۆسەیەکی واتاییە، بەڵام فۆنۆلۆژیی و دروستەش بەشداریی تێدا دەکەن،

چونکە ئاخێوەری زمان پێویستی بە زانیاری فۆنۆلۆژییە، تا بزانێت چۆن وشەکان گۆدەکات[lvi]. واتای بەلێکسیمبووەکان دەبێت بگۆڕێن، تا لەگەڵ واتایەکی هەبووی ناو فەرهەنگدا پێکدادان نەکات، ئەوەش تا ببێتە بەربەرست لەبەردەم هاوواتای تەواوی ناو فەرهەنگ[lvii]، ئەگەرچی بوونی هاوواتای تەواو تاکە بەربەستی بەردەم بە لێکسیمبوون نییە، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکار هەن، دەشێت بەربەرستەکە (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسی، واتایی، تەنانەت ئیستاتیکی و پراگماتیکیش بێت)[lviii]، ئەوەش بۆ دروستە و فۆنۆلۆژیی سترێسییش هەمان شت دەبێت، دروستەکە لە تاك-نواندنییەوە دەبێتەجووت-نواندن، ئەویش بەو پێیەی ($X^{O}$)ەکان بە پرۆسەی بە لێکسیمبوونەوە دەبنە $(X+Y)/ X^{-}$ . پاشان بە بنەمای واتاگۆڕین دەبنەوە بە توخمێکی/$sX^{o}$ فەرهەنگی. پەیوەست بە فۆنۆلۆژییشەوە بەلێکسیمبووەکان جا چ فرێز بن/سینتاکسی یان مۆرفۆلۆژیی، ئەوا مەرجە فۆنۆلۆژییەکە پەیوەست بە هێزەوە جێبەجێدەکەن، ئەویش هێز-کۆتاییە. بەوەش پێچەوانەی نیشانەکراوی فەرهەنگیی~مۆرفۆلۆژیی فۆنیمە کەرتییەکانەوە پرۆسەکە سووریی/بازنەیی دەبێت، واتا بە مەرجە فۆنۆلۆژییەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگ. بڕوانە نواندنی (10) و نموونەکانی (6).

هێڵکاریی(10) نوادنی سورِیی وشەی یەك-مۆرفیمی




تایبەتییە فۆنۆلوژییەکە لە <جوان>دا تاقیکراوەتەوە، ئەویش بەوپێیەی خۆی فۆرمێکی فەرهەنگییە/یەك-لێکسیمییە، بۆیە سیستەمە فۆنۆلۆژییەکە لەودا تاقیدەکرێتەوە. پەیرەوی فۆنۆلۆژیی ناکەرتی هاوشێوەی کەرتییەکە تەرزێکی ناوخۆیی فەرهەنگیی هەیە، ئەویش بەو پێیەی مەرجە فۆنۆلۆژییەکە ئەوە دادەنێت. هێز-کۆتایی مەرجێکی فەرهەنگی و بوون بە فەرهەنگییە، ڕاستە ئەوە ئاکارێکی مۆرفۆلۆژیانەشە، ئەویش بەو پێیەی هەر لێکسیمێکی هەڵگوێزراو و لێکدراویش بەپێی فۆنۆلۆژیی و واتا دەبنە

فەرهەنگی. بەوەش هەردوو پێکهاتەی فەرهەنگ و فۆنۆلۆژیی تێکەڵ بەیەك دەبن، چونکە لە ڕووی هێزەوە هەمان ئاکار جێبەجێدەکەن و هێز لەناویاندا نیشانەکراوە، بۆ پێیەش فەرهەنگ و فۆنۆلۆژی پەیوەندیی بازنەیی و سووریی لە نیشانەکردنی هێزدا جێبەجێدەکەن، بڕوانە هێڵکاریی (11).

هێڵکاریی(11) نواندنی هێز stress لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژییدا

| | |
|---|---|
| **فەرهەنگ** | **مۆرفۆلۆژیی** |
| **هێز-کۆتایی** | **هێز-کۆتایی** |

بەوپێیەی سینتاکسی ڕستەی ئازادی سینتاکسی تیدا بەرهەمدەهێنرێت و بەرهەمهاتووی بێکۆتایی تێدا بەرهەمدەهێنرێت، بۆیە پێشبینییدەکرێت، ئاخێوەری زمان پەیوەست بە هێزیشەوە ئازادانە مامەڵەبکات[lix]. ئەو ئەنجامەش دەمانگەیەنێت بەوەی، کە هێزی سینتاکسی نیشانەنەکراو بێت. بەوەش ئاخێوەرەکە مەبەستەکانی بە هێزی ئازاد دەگەیەنێت. بەرهەمهێنانی ڕستەی هەواڵ و سەرسوڕمان و پرسیارکردن بەبێ هیچ گۆڕانێکی دروستەیی و واتاییەوە جێبەجێنابێت، بەڵکو پەیوەستە بە جێبەجێکردنی مۆدێلی هێزەوە. مۆێلی هێز لە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکاندا جا چ ڕستە بێت یان فرێز ئازادانەیە و پەیوەست بە فەرهەنگیشەوە سووریی/بازنەیی نابێت.

ئاواز (intonation)، هەریەك لە هێز و زرنگە و تەوژم بەرهەمدێت و دیاردەیەکی کەرەستە ناکەرتییەکانە، هەموو زنجیرە دەنگێکی گۆکراو دەگرێتەوە و ڕازاندنەوەیەکی مۆسیقییان پێدەبەخشێت، بە ڕێککەوتن لەگەڵ کات و شوێنی ئاخاوتن واتا و مەبەستی جیاواز دەبەخشێت[lx]، بە پێی پێویست قسەکەر دەیخاتە سەر وشەیەك/فرێزێکی ناو ڕستە. بەوەش پرۆسەکە ئازادنەیە و ئاخێوەر وەك مۆێلی دەربڕینی تۆپیك و مەبەست دەخاتەگەڕ. تۆپیکی دەبڕینی ئاواز لە ڕستەدا نێوخۆییە و مەبەست و ناوەڕۆکی ڕستەکە ناگۆڕێت، بەڵکو هێزی ناوخۆیی ڕستەکە تەرزێکی ئازادانەی مەبەستگەراییە. دەربڕینەکە بۆ ئەوەیە، کە دوو جۆری ئاواز لەیەك جێبکرێنەوە، ئەوانیش:

1- ئەو ئاوازانەی لە ڕێگەی گۆڕینی شوێنی هێز سەر فرێزەکانی ڕستەوە مەبەستی ئاخێوەر بۆ هەواڵدان لەسەر فرێزەکان دەردەخرێت، بڕوانە(7). نیشانەکردنی هێز زانیاریی هەواڵی لەلای ئاخێوەر بۆ گوێگر دەنێرێت، ئەم دانانی هێزەش لەسەر کەرەستەیەك لە کەرەستەکانی ناو ڕستە نیشانەکراوە، چونکە ناکرێت ئەو هێزە لەسەر وشەیەك بێت و مەبەستەکە، وشەیەکی دیکە بێت.

هەمان شتێش بۆ دەربڕینی ڕستەی سەرسوڕمان ڕاست دەردەچێت[lxi].

7-أ- من کتێبەکانم کڕی.

ب- من کتێبەکانم کڕی.

پ- من کتێبەکانم کڕی.

2- ئاواز بۆ جیاکردنەوەی مەبەستی ئاخێوەر لە دەربڕینی ڕستە هەواڵی و پرسیاری و سەرسوڕمان.

8-أ- ئەو کتێبەکەی سووتاندووە.

ب- ئەو کتێبەکەی سووتاندووە؟

پ- ئەو کتێبەکەی سووتاندووە!

نموونە و بەڵگەکان بۆ ئاواز ئەوە دەردەبڕن، کە ئازادانەیە، بەڵام لە ڕوانگەی فەرهەنگ و دروستەی قووڵەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە بنەمای ڕستە و ئاوازەکەی بۆ هەواڵە، بەڵام ئاخێوەر بۆ مەبەستی دیکە بەکاریاندەهێنێت. ئەویش لە ڕووی ئەوەی کە: (أ) فەرهەنگ کەرەستەکانی بۆ بەرهەمهێنانی واتای ڕستەکە بۆ دروستەی قووڵ دەنێرێت، بەوەش واتا و ناوەڕۆکی ڕستە هەواڵییەکە نوێیە و هەواڵ لە بارەی زانیاری نوێ دەخرێتەڕوو، (ب) بەڵام زانیارییەکانی ناو ڕستەی پرسیار و سەرسوڕمان بۆ زانیاریی کۆنن و لەم دوو جۆرە ڕستەیەدا مەبەست گرنگە، نەك واتا، ئەویش بەو پێیەی فەرهەنگ و دروستەی قووڵ بۆ واتان، بەڵام دروستەی ڕووکەش کە بەرهەمهێنەری هەردوو ڕستەی پرسیار و سەرسوڕمانە. بڕوانە نواندنەکەی خوارەوە لە (12)دا.

هێڵکاریی (12) نواندنی ڕستەی پرسیار و سەرسوڕمان




ئەو کتێبەکەی سووتاند؟ ئەو کتێبەکەی سووتاند!

ڕوونکردنەوەکانی پێشتر ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە هێز لەسەر بنەمای فەرهەنگی ڕێزمانی پرۆسەیەکی تەواوکەرانە و جێبەجێکەرانەیە. تەواوکەرانە بە واتای ئەوەی سیستەمی فەرهەنگی-مۆرفۆلۆژیی بۆ پێڕەوی لێکسێمەکانی بەرجەستەدەکات، ئەویش بەو پێیەی وەك باسکرا بازنەیی/سووریی جێبەجێدەبێت و دەکرێتە پێوەری ناسینەوەی توخمە فەرهەنگی و فەرهەنگی-مۆرفۆلۆژییەکان، بەوەش نیشانەکردنەکە بۆ توخمی فەرهەنگییە و دەشبێتە پێوەری بەرهەمهێنانی وشە و لێکسێمەکان، بەڵام لە زۆنی دروستە

ئازادەکاندا کە سینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسی دەگرێتەوە، پێواژۆکە ئازادانەیە و نیشانەکراویی نییە، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئاخێوەر هێز وەك پێڕەوێکی مەبەستگەیاندن بۆ چەمکی زانیاریی و هەواڵدان بەکاردەهێنێت. وەك لە نموونەکانی پێشتردا ڕوونکرایەوە، مۆڵەکە لە فەرهەنگەوە بۆ زانیاریگەیاندن و پرسیار و سەرسوڕمانە.

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، نیشانە و فۆنیمە ناکەرتییەکان پێواژۆیەکی فەرهەنگی-ڕێزمانییان هەیە، ئەوەش لەسەر بنەمای توخمی فەرهەنگی و ڕێزمانیی تاقیدەکرێنەوە. زرنگەش وەك فۆنیمێکی ناکەرتیی supra-segmental کە لە پێکهاتوی وشەدا لەسەر بڕگەیی/ڤاوڵەکان بەرجەستەدەکرێن و بە تۆنی وشە word tone ناسراوە، هەرچەندە بۆ ئاستی بەرزی و نزمی دەربڕینی توخمە فەرهەنگییەکانە، کە تەوژم و هێز پێکەوە دێن و پلەکانی نزم و بەرز و بەرزتر و بەرزترینی هەیە و بۆ دیاریکردنی واتا جیاوازەکانی توخمێکن، کە هەمان بیچم و فۆرمیان هەیە، بەڵام ئاستی دەربڕینی بەرز و نزمییان هەیە[lxii].

پەیوەست بە توێژینەوکەوە زرنگە لە وشە یەك-بڕگەیی و یەك-لێکسیمییەکاندا تاقیدەکرێنەوە، ئەویش بەو پێیەی پێواژۆکە وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی و واتاییەکان لە توخمی فەرهەنگییدا $(x^o)$ هەڵگیراون، هەڵبەت ئەوەی بۆ ئەم سنوورە مەبەستە، ئەوە $(x^o)$انەن، کە یەك-لێکسیمیین، چونکە هەر گۆڕانێکی ڕێزمانی (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی) لە یەك-لێکسیمکاندا ڕوودەدەن، ئەوا گۆڕانی زانیارییەکانی بەدواوە دێت، دەروازەکان لەو ڕووانەوە دەگۆڕێن[lxiii]. پێشبینی سەرچاوەکان مەزەندەی ئەوەیان کردووە، کە <جوان> لە فەرهەنگدا بە ئاوەڵناو تۆمارکرابێت، بەوەش زانیارییەکانی ناو ئەو لێکسێمە جا چ لە ڕووی زانیاریی زمانی (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و وتایی)هوە بێت، ئەوە لەوەوە سەرچاوەدەگرن. پەیوەست بە زانیارییەکانەوە بڕوانە(13) لەخوارەوە.

هێڵکاریی (13) نواندنی زانیارییە زمانییەکانی <جوان> $A^O$




پەیوەست بە سنووری ئەم پارەی ئەم ئەم توێژینەوەیەوە، بۆ زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانی ناو ئەو لێکسێمە: لێکسێمەکە <جوان> یەك-لێکسێمی و یەك-بڕگەیی و یەك-مۆرفیمەییە، بۆیە تەرزەکەی لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە یەك-هێزییە و هێز لەسەر تاکە ڤاوڵەکەیەتی، بەڵام لە جێبەجێکردنی تەرزی زرنگەدا زانیارییەکە پەیوەست بە گەنجکردنی فەرهەنگی و کەتیگۆرییەکان دەگۆڕێن. لەبەرئەوەی توخمەکە بە($A^O$) لە

فەرهەنگدا تۆمارکراوە، بۆیە زانیارییە سەرەکییەکە بەوە دەناسرێتەوە. لە ڕاستیدا <جوان> بۆ هەریەك لە پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیش نیشانەنەکراوە، ئەویش لەبەرئەوەی لە بەرهەمهێنانی وشە و فرێزیشدا ڕکێف و جڵەوی شلەو نیشانەنەکراوە، بەواتا توخمێکی داینامیکی و فرەنواندنی هەیە، بۆ ئێرە و بەشێوەیەکی سنووردار بڕوانە بەرهەمە ڕێزمانییەکانی <جوان> لە (14)دا.

هێڵکاریی(14) نواندنە ڕێزمانییەکان <جوان> $A^o$




هێڵکاریەکە نیشانەنەکراویی زانیارییە ڕێزمانیەکانی <جوان> دەردەخات، کە بۆی پێشبینی دەکرێت، بۆ زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانیش پەیوست بە زرنگەوە نیشانەنەکراو بێت، لەو ڕووەوە دەبێت پێشنیازی ئەوە بکرێت، کە (أ) زرنگە سیستەمی دوودانەیی پەیڕەودەکات، چونکە گۆڕینی <جوان> لە($A^O$)ەوە بۆ ($N^O$) پێواژۆکە دەکاتە دوو زرنگەی فەرهەنگی، بەوەش پێچەوانەی هێز، زرنگە لە فەرهەنگی کوردیدا دوودانەیی دەبێت. <جوان> و هەر ئاوەڵناو/($A^O$)ێك بە زرنگەی بەرز ($H_2$)ەوە نیشانەکراون، بەڵام لەکاتی بوون بە ($N^O$)دا دەبێت بە زرنگەی نزم($H_1$)، (ب) یان زرنگەی نزم/$H_1$ بۆ بەڕێزمانیبوون (grammaticalization)ی ئاوەڵناوەکان تەرخانکراوە، واتا لە فەرهەنگدا بەرزە و لە ڕێزماندا نزم. توێژەر ڕێگای ئەو بۆچوونە دەگرێت، کە لە فەرهەنگدا بۆ پێواژۆی بەلێکسێمبوون دوو زرنگە قبووڵ/پەسەنددەکرێت، تا بەریەککەوتنی زرنگە لە نێوان دوو کەتیگۆریی جیاوازدا ڕوونەدات. ئەودەم <جوان>ێکی ئاوەڵناویی و دانەیەکی ناویی لە فەرهەنگدا جێگایان دەبێتەوە. ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، کە زرنگەی بەرز لە فەرهەنگدا بۆ ئاوەڵناوەکان و توخمی فەرهەنگییە ڕەسەنەکە نیشانەکراوە و بۆ بە لێکسێمبووەکانیش بە نیشانەی نزمەوە دەبێتە دوو پێڕەوی جیای تەرزی زرنگە. ڕوونکردنەوەکە بە خشکەیی ئەوە دەردەخات، کە پۆلەڕەگەزەکە بۆ هەریەك لە زانیاریەکان نیشانەی تایبەت بە خۆیان دەبێت، هێڵکاریی (14) بۆ زانیارییە ڕێزمانییەکانی لە جۆری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی بوون، بەڵام دەبێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە زانیارییەکان <جوان> ێکی $A^O$ بۆ چوونە ناو فەرهەنگ دەبێت ببێتە خاوەن دەروازە و $N^O$ زانیاریی جیاواز لەو توخمەی، کە ڕەسەن و خۆی لە فەرهەنگدا بووە.

تێڕوانینەکان بەوجۆرەن، کە <جوان>ی ($N^O$) زانیاریی و نواندنەکانی ڕکێفدارتر دەبن، پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە زرنگەکەی لە ($H_2$)ەوە دەبێتە ($H_1$)، پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییش بەرهەمی نامێنێت، پەیوەست بە سینتاکسیشەوە تەنها دەبێتە بەرهەمهێنەری فرێزی ناوی. بۆ ئەوەی بسەلمێنرێت، کە دوو <جوان> لە فەرهەنگدا هەیە، لە خوارەوە هەندێك لە زانیارییەکانی هەریەکەیان بەپێی دەروازەی زانیارییەکانیان دەخرێنەڕوو، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە نواندنەکانی (15) و (16) لە خوارەوە.

هێڵکاریی (15) نواندنی زانیارییەکانی <جوان> $A^O$




هێڵکاریی (16) نواندنی زانیارییەکانی <جوان> $N^O$




## ئەنجام

1. فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی پەیوەست بە توخمە کارتییەکانەوە بە پێی ئەو نیشانە دژەکان بەرهەمدێن کە لە قۆناغی پێش-فەرهەنگییدان، بە چەشنێک نیشانەکردنەکەیان بۆ پۆلەڕەگەزی ڕەسەنی ناوفەرهەنگ/ یەک-لێکسێمەکان لە ناو فەرهەنگدان و لە بەڕێزمانبووندا نیشانەکردنە ڕێزمانییەکە ڕوودەدات.
2. توخمە ناکەرتییە فۆنۆلۆژییەکان لە هەردوو پێڕەوی فەرهەنگیی و ڕێزمانیی دان. نیشانەکراویی تەرزی هێز بۆ لێکسێم/توخمی فەرهەنگیی و بەلێکسێمبوو/ توخمی مۆرفۆلۆژیی لە فەرهەنگەوە بۆ بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکان درێژ دەبێتەوە، بەوەش هێز لە نێوان فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژییدا بازنەیی/سوڕیی دەبێت.
3. تەرزی هێزی نێوفەرهەنگیی-سینتاکسیی پێڕەوێکی ئازادی نیشانەنەکراویان هەیە. هێز وەک بنەمای دروستە سینتاکسییەکان ئازادە و ئاخێوەر تاکلایەنانە بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی نیشانەی دەکات.
4. هێز لە زمانی کوردییدا نیشانەکراوێکی فەرهەنگیی هەیە و مەرج بۆ بەرهەمهاتووە بەلێکسێمبووەکان دادەنێت، بەڵام زرنگە لە پێڕەوی فەرهەنگییدا دوو تەرزییەوە بە

نیشانەی بەرزیی و نزمییەوە لە فەرهەنگدایە و وەک مەرجێکی بەلێکسیمبووەکان جێی خۆی لە فەرهەنگدا دەکاتەوە.

## سەرچاوەکان


1. بێستوون حەسەن ئەحمەد، (2012)، کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا،چاپخانەی لەریا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
2. حاتەم ولیا محەمەد، (2019)، مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەکەم.
3. سازان زاهیر سەعید، (2020)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانە ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
4. شیلان عومەر حسێن، (2012)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە رێزمانی کوردیدا، چاپی یەکهەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
5. عەبدولجەبار مسەفا مەعرووف، (2010)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکهەم، لە بڵاوکردنەوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
6. عەبدولقادر جەلیل & ئەحمەد شەفیق، و:نەریمان خۆشناو & کامەران محەممەد، چاپی یەکهەم، (2008).
7. عەبدولوەهاب خالید موسا، (2009)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، چاپی یەکهەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
8. کوروش سەفەوی، و: دلێر سادق کانەبی، (2006)، چەند لایەنێکی واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
9. محەمەدی مەحویی، (2009)، زانستی هێما، هێما، واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی دووهەم، لە چاپکراوەکانی زانکۆی سلێمانی- چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
10. محەمەدی مەحویی، (2021)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان-مۆرفۆلۆژیی کوردی، چاپی یەکهەم، چاپخانەی کارۆ سلێمانی.
11. محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد، (2004)، مۆدێلی رێزمانی کوردیی، چاپخانەی ژیر، زنجیرەی (22)ی زنجیرە کتێبە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی.
12. محەمەدی مەحویی، (2016)،مەنامە- بەستانداردکردنی زمان کوردیی- دروستنوسیین، چاپی یەکهەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
13. وریا عومەر ئەمین، (2009)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
14. هەژار قادر ئیسماعیل، (2013)، رۆنانی برگە و گۆڕانی سنووری برگە لە شێوەزاری باڵەکییاندا، چاپی یەکهەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
15. بژوێن یەحیا محەمەد (2016)، نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، زمانی کوردیی، ماستەر.
16. تالیب حوسێن عەلی، (2014)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستە و واتا لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
17. تریفە عومەر ئەحمەد، (2013)، پراگماتیکی فەرهەنگی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکانی، زانکۆی سلێمانی بەشی کوردی، دکتۆرا.
18. دڵشاد محەمەد غەیب، (2019)، هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکووکدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردیی، دکتۆرا.
19. ژاڵە عبداللە طاهر، (2022)، دەروازەو زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی کوردیی، ماستەر.
20. ژینۆ نزار ئەحمەد، (2023)، جێندەر لە پێڕەوی فەرهەنگ و رێزمانی شێوەزاری هەورامییدا، زانکۆی هەڵەبجە، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردیی، ماستەر.
21. ساکار ئەنوەر حەمید، (2009)، وشەخواستن لەزمانی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، ماستەر.
22. سەمیرە تۆفیق یونس، (2013)، سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، ماستەر.
23. شیلان رەحیم ئیبراهیم، (2019)، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، زانکۆی سلێمانیی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردیی، دکتۆرا.
24. فەرهاد تۆفیق حەسەن، (2010)، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، ماستەر.
25. هێمن سەلاحدین رەمەزان، (2015)، پرۆسە و یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا (بەشەدیالێکتی سلێمانی)، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەییەکان، بەشی کوردی، ماستەر.
26. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی شێوەزاری هەورامییدا.
27. سەباح رەشید قادر، (2017، 7-23).
28. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (2022)، ئەرشیفکردن لە بەرهەمەکانی علادیین سەجادییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، کۆنفرانسی سەجادی.
29. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف& دڵشا محەمەد غەریب، (2021)، مەرجی فۆنۆلۆژیی لە پرۆسەی بەوشەبووندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ساڵی هەشتهەم، ژمارە (3).
30. احمد عزوز، (2002)، أصول تراثية في نظرية الحقول الدلالية، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
31. أف. أر. بالمر 1981، (1985)، علم الدلالة، ترجمه: مجيد الماشطة، مطبعة العمال المركزية بغداد، بغداد.
32. ارسلان گلفام & رضا امینی & عالیه کرد & فردوس أقاگل زاده، (1389)، بررسی تحولات معنایی و ساخت اطلاع ساخت های نشانداری در فرآیند ترجمه از انگلیسی به فارسی، پژوهش های زبان و ادبیات تطبیقی، دوره‌ء اول، شماره‌ء اول، بهار.
33. محبوبه غلامی، (1387)، بررسی و نقشی نشانداری در زبان فارسی، دانشگاه علامه طباطبایی، رشته زبان شناسی همگانی.
34. مهدی سبزواری، (1398)، بررسی و تحلیل نشانداری جملات فارسی نوین معیار، دوماه نامه علمی بژوهشی، د 10، ش 2، خرداد و تیر، ص 99-122.
35. مجد راسخ مهند & مسعود مجد راد، (1394)، بررسی سلسله مراتب نشانداری در صرف اسم و ضمیر زبان های ایرانی نو شمال غربی، زبان شناخت، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال ششم، شماره اول، بهار و تابستان، 85-118.
36. Trask, R. L. (1999), Language: The Basics, Second Edition, Bristol- Great Britain.
37. Trask, R. L. (1993), A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, first published, London.
38. Cook, V. J. & Newson, M. (2007), Chomskys Universal Grammar an Introduction, Third Editon, USA.

39. Finch, G. (2000), Linguistic Terms and Concepts, First Edition, London.
40. (Katamba. F. & Stonham. J., (2006), Modern Linguistic Morphology, Second Edition, New York.
41. Aranoff, M. (1981), Word Formation in Generative Grammar, Second Printing U.S.A.
42. Lyons, J. (1977, 305)
43. -Eva Skafte Jenese, (2012) Nor Jnl Ling 35.2, 145–168 C _ Nordic Association of Linguists 2012.
44. Mahdi, W. S. (2019), Lexical Phonology: Revisited, Universty of Bagdad, ResearchGate,
45. https://www.researchgate.net/publication/330486254_Lexical_Phonology_Revisited
46. https://www.academia.edu/749962/1989_Markedness_theory_the_first_150_years


---

[i] لێکۆڵینەوە لە زمان لە زانستی زمان و ئەو زانستانەدایە کە نێوان زانستین. بە گشتی بە دوو چەشن لە زانستی زمان دەکۆڵرێتەوە، لێکۆڵینەوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەی کارەکیی، ئەو بوارانەی نێوان زانستین لێکۆڵینەوەی کارەکیین، وەکو زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، زانستی زمانی دەروونی، زانستی زمانی پەروەردەیی، ... تد.

[ii] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (2019، 10).

[iii] بڕوانە: سەباح ڕەشید قادر، (2017، 7-23).

[iv] تریفە عومەر ئەحمەد، (2015، 38).

[v] بژوێن یەحیا محەمەد (2016، 52).

[vi] شیلان عومەر حسێن، (2012، 250).

[vii] تریفە عومەر ئەحمەد، (2015، 38).

[viii] محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد" (2004، 12).

[ix] Trask, R. L. (1999, 33).

[x] محەمەدی مەحویی، زانستی هێما، ب2 (2009، 1).

[xi] Trask, R. L. (1999, 33).

[xii] محەمەدی مەحویی، زانستی هێما ب2،(2009، 13)

[xiii] Trask, R. L. (1993, 121-122).

[xiv] محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد، (2004، 4).

[xv] Cook, V. J. & Newson, M. (2007, 2).

[xvi] محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد، (2004، 5).

[xvii] Finch, G. (2000, 79).

[xviii] وریا عومەر ئەمین، (2009، 283).

[xix] Trask, R. L. (1993, 121-122).

[xx] بژوێن یەحیا محەمەد، (2016، 9).

[xxi] لە باری قوتابخانەی زانەوانیی پراگەوە بڕوانە: قوتابخانە زمانەوانییەکان، عەبدولقادر جەلیل & ئەحمەد شەفیق، و:نەریمان خۆشناو & کامەران محەمەد، چاپی یەکەم، (2008: 37).

[xxii] محبوبه غلامی، (1387، 12).

[xxiii] مجد راسخ مهند & مسعود مجد راد، (1394)

[xxiv] https://www.academia.edu/749962/1989_Markedness_theory_the_first_150_yearst

[xxv] Eva Skafte Jenese, (2012: 146)

[xxvi] محبوبه غلامی، (1387، 19-25).

[xxvii] Eva Skafte Jenese, (2012: 146) بڕونە: Nor Jnl Ling 35.2, 145–168 C _ Nordic Association of Linguists 2012.

[xxviii] بڕوانە: https://www.academia.edu/749962/1989_Markedness_theory_the_first_150_years

[xxix] ارسلان گلفام و ئەوای دی، (1389: 85)

[xxx] مهدی سبزواری، (1398: 99)

[xxxi] لەبارەی ڕەگ و بناغەی وشەوە بڕوانە: (Katamba.F & Stonham.J: 2006: 42-46) (محەمەدی مەحویی، 2021: 9)و (حاتەم ولیا محەمەد، 2019: 67-72)

[xxxii] Lyons, J. (1977, 305).

[xxxiii] مهدی سبزواری، (1398، 105-106).

[xxxiv] کوروش سەفەوی، و: دلێر سادق کانەبی، (2006، 27).

[xxxv] مهدی سبزواری، (1398، 105) و کوروش سەفەوی، و: دلێ سادق کانەبی، (2006، 26).

[xxxvi] کوروش سەفەوی، و: دلێر سادق کانەبی، (2006، 28).

[xxxvii] کوروش سەفەوی، و: دلێر سادق کانەبی، (2006، 28). سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[xxxviii] مهدی سبزواری، (1398، 106).

[xxxix] مهدی سبزواری، (1398، 106). سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[xl] کوروش سەفەوی، و: دلێر سادق کانەبی، (2006، 28).

[xli] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی شێوەزاری هەورامیدا.

[xlii] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (2022، 2).

[xliii] (Selkirk. O. E, 1982) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە سینتاکسی وشە بە هەمان چەشنی سینتاکسی فرێز شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بۆ زمانەوانان پێشنیازی هێمای ($X^{-1}$) بۆ گیرەکەکان دەکەن لە ناودروستەی ($X^{+1}$)هەکاندا.
بڕوانە: سەمیرە تۆفیق یونس، (2013، 7).

[xliv] سازان زاهیر سەعید، (2020، 28).

[xlv] Cook, V. J. & Newson, M. (2007, 41-45).

[xlvi] احمد عزوز، (2002، 42).

[xlvii] بالمر، (1981، 27).

[xlviii] بێستوون حەسەن ئەحمەد، (2012، 51) و فەرهاد تۆفیق حەسەن، (2010، 42) لە مجید ماشطة، (98،2009)هوە وەریانگرتووە.

[xlix] لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی ناسراوی خاوەنی چەند نیشانەیەکی واتاییە، کە بریتین لە [+ ناسراوکردن، +دیاریکردن، +تاك]. بڕوانە: عەبدولجەبار مسەفا مەعرووف، (2010، 14).

[l] ژینۆ نزار ئەحمەد، (2023، 30).

[li] محەمەدی مەحویی، (2009، 1).

[lii] بڕوانە: دڵشاد محەمەد غەیب، (2019، 4-14)، هەژار قادر ئیسماعیل، (2013، 37)، عەبدولوەهاب خالید موسا، (2009، 39).

[liii] ژاڵە عبداللە طاهر، (2022، 62).

[liv] دڵشاد محەمەد غەریب، (2019، 119-124، 175-179). بیشڕوانە محەمەدی مەحویی، (2016).

[lv] عەبدواجەبار مستەفا مەعروف& دڵشا محەمەد غەریب، (2021، 51).

[lvi] Mahdi, W. S. (2019), Lexical Phonology: Revisited, Universty of Bagdad, ResearchGate, https://www.researchgate.net/publication/330486254_Lexical_Phonology_Revisited

[lvii] بڕوانە: ((Katamba, F& Stonham, J. (2006, 75) و بیشڕوانە: (Aranoff, G.(1981, 41)).

[lviii] بڕوانە: هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان، (2015، 133-137) و ساکار ئەنوەر حەمید، (2009، 34-35).

[lix] بڕوانە: (دڵشاد محەمەد غەریب، (2019، 134) و بیشڕوانە: محەمەدی مەحویی، (2016، 206).

[lx] عەبدولوەهاب خالید موسا، (2009، 77)، وەرگیراوە لە: کمال بشر، فن الکلام، (2009).

[lxi] بیشڕوانە: تاڵیب حوسێن عەلی، (2014، 57).

[lxii] بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (2019، 531) و دڵشاد محەمەد غەریب، (2019، 175-178).

[lxiii] ژاڵە عبداللە طاهر، (2022، 63-67).